

پ.ی.د. فوئاد رەشید

# تەنگژەی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە گوتاری رۆشنبیریی کوردیدا

## ٢-٢



"سەباحی غالب" لە باسکردنی کێشەکاندا بەر لە هەموو شتێک، وەک جەختکردنێک لە بایەخ و گرینگیی رێباز، قسەی لەسەر کێشەی "نەبوونی پرۆگرام" کردووە و لەم بارەیەوە نووسیویەتی

پرۆگــرام بریتــیــیــە لـەو ڕێبــازەی ڕەخنەگـر بـۆ ڕوونکردنـەوە و نرخــاندنی دەقی ئـەدەبی دەیگرێتەبەر، نەبوونی پرۆگرام هەموو کارێک بێ ئەنجام و ئاکامی زانستی دەهێڵێتەوە... ئەو ڕەخنانەی هەن زۆربەیان لەسەر ڕێبازی زەوقی سەرپێیی و هەرەمین...."[1].

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونانەدا سێ سەرنج دەخەینە ڕوو:

* بیـروڕای نووســەر لەم بۆچوونەیدا، لـە ڕوویەکەوە نـەسـازە لەگـەڵ ڕایەکی پێشـووتری خۆی کە هەر لەم نووسینەیدا دەری بڕیوە و لە بڕگەیەکی پێشووتردا لە ژێر ناونیشانی "لە نێوان ڕەخنەی کوردی و ڕەخنەی پێشکەوتوودا" نووسیویەتی "ڕەخنەی ئێستای کوردی لە ڕەخنـەی ئەورووپی کـــۆتایی چەرخی نۆزدە دەچێ، لەوێ گـــەلێک ڕێبـــازی ڕەخنـەیی هاتنەکایەوە...."[2].

نووسەر خۆی باس لە نەبوونی ڕێباز دەکات لە ڕەخنەی کوردیدا و وەکو کێشـەیەکیش لە قـەڵەمی داوە، کـەچی پێشـتـر ئاماژەی بەوە داوە کە گـوایە ڕەخنـەی کوردی "لە ڕەخنەی ئەورووپی کۆتایی چەرخی نۆزدە دەچێ" کە یەکێ لە ئەدگارەکانی هەبوونی گەلێک ڕێبازی ڕەخنەیی بووە!

* لە ڕووی زاراوە و زمانەوە ئەگەرچی نـووسـەر چەمکی "پرۆگرام"ی بەمـەبەستی ڕێبازی ڕەخنەیی "المنهج النقـدي" "Critical Method" بەکـار هێناوە، ئـەمـەش جـۆرە لێـڵـیـیـەکی خستووەتە نێو بۆچوونەکەیەوە، چونکە چـەمکی "پرۆگرام" دەکرێ مانا و مـەبەستی پلانی باسیش "خطه البحث" بگەیەنێت، ئەمەش جیاوازە لە چەمکی ڕێبازی ڕەخنەیی و دەشێت ڕێبازی ڕەخنەیی ڕووبەرێک لە پلانی توێژینەوە بگرێتەوە.

دواتریش نووسـەر دەسـتـەواژەی "ڕێبازی زەوقی..." بەکارهێناوە، لە ڕاستیشـدا، نووسین لە ڕوانگەی زەوقـەوە، سـەر بەهیچ ڕێبـازێکی ڕەخنـەیی نییـە و لە نـێو میـتـۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیشدا میتۆدێک نییە بەو ناوەوە.

* نووسەر لەوەدا مـەبەستی پێکاوە کە نەبوونی ڕێباز "میتۆد"ی ڕەخنەییی بەکێشـەیەکی گرینگ زانیوە و لە ڕیزی پێشەوەی نەخۆشییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی داناوە، هەڵبەتە ئامـادەبوون و نـەبوونی مـیـتـۆدە، ڕادەی دوور و نزیکی کـارێکی ڕەخنەیی لە چۆنیـەتی و چەندایەتی بابەتیبوون یا خودیبوون دیاری دەکات.

نووسەر لە کۆتایی باسـەکەیدا لە ژێر ناونیشانی "چارەی ئەم دیاردەیە" چەند ئامۆژگاری و پێشنیـازێکی – بەکورتـی – خستووەتە ڕوو، بەبۆچوونی خۆی وەکو چارەیەک بۆ ئەو بارە

نالەبارەی کە خۆی ناوی لێ ناوە "نەخۆشییەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی". ئەگەرچی ئەوەی نووسەر ناوی لێناوە "چارەسەر" لە سنووری سێ و چوار ئامۆژگاری و یەک دوو پێشنیاز تێ ناپەڕێت، بەڵام لە دوا بڕگەی نووسینەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە کورد پێویستی بەو جۆرە رێبازە رەخنەییانەیە کە لە سایەیاندا بکرێت لە لایەک تایبەتمەندیەتی خۆیی رەچاو بکرێت و لە لایەکی دیکەشەوە لە "رەخنەی جیهانی سەردەمەوە سەرچاوە هەڵبگرێ". واتا نووسەر گوزارشت لەو هۆشمەندییە رەخنەییەی خۆی دەکات کە باوەڕی بەراگرتنی جۆرە هاوسەنگییەکە لە نێوان لە بەرچاوگرتنی ئەزموونی ئەدەبییانەی دەقی کوردی لەگەڵ ئەو کەرەستە و زاراوە رەخنەییە هاوچەرخانەی کە دەکرێ رەخنەگری کورد سوودیان لێ وەربگرێت.

*** چەند بیر و رایەک دەربارەی گیروگرفتی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا، عەبدوڵڵا عەباس[٣].**

نووسەر لە سەرەتای ئەم کورتە نووسینەدا، بەگشتی و بەکورتی باسی سروشتی رەخنەی کردووە وەک هونەرێک و ئاماژەی بەچەند مەرجێکی رەخنەگر داوە، دواتر لە ژێر ناونیشانی پیاچوونەوەیەک لە لای ئێمە" ئاماژەی بەچەند ئەدگارێکی ئەو نووسینانە داوە کە لە رۆژنامەگەری کوردیدا بەناوی رەخنەی ئەدەبییەوە بڵاو دەکرێتەوە، وەک ئەوەی پێی وایە نووسینە بەناو رەخنەییەکان زۆربەیان "لە سەدا سەدی پێداویستییەکانی رەخنەی ئەدەبی راستەقینەیان" تێدا ئامادە نییە. هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش دیارە نیشانەی هەبوونی گیروگرفتە و لێرەوە ئاماژەی بەچەند گیروگرفتێکی نێو بزاڤی رەخنەی ئەدەبی کوردی کردووە، وەک "پەتای قینی تایبەتی" و "بەکارهێنانی زمانێکی رەق و توند لە هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا" و "نەبوونی رەخنەی مەوزووعی". نووسەر لە کۆتایی نووسینەکەیدا دەگاتە ئەو بڕیارەی کە "رەخنەی بەگژداچوون" لە رەخنەی کوردیدا بووەتە بنەڕەت و لەسەر ئەم بنەمایە کار کراوە.

جێگەی سەرنجە ئەم نووسینە وەکو زۆربەی نووسینە هاوشێوەکانی، زۆر گشتگیرانەیە و نووسەر بەڵگە و بەهانەیەکی بابەتییانەی نەهێناوەتەوە بۆ پتر سەلماندن و بەرجەستەکردنی بۆچوونەکانی.

*** هەڵخلیسکان لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا، ئەحمەد ڕێبوار[٤].**



ئەحمەد ڕێبوار لەم نووسینەیدا - خۆی گووتەنی- هەوڵی داوە " هەندێ لادان و هەڵخلیسکان و دیاردەی ناپەسەند..."[٥]. لە نێو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بخاتە روو.

لەم چوارچێوەیەدا نووسەر زۆر بەکورتی باسی چەند دیاردەیەکی نێگەتیڤانەی کردووە وەک نووسینی ستایشکارانە لەسەر یەک نووسەر، نووسین لەسەر بنەمای ناسیاوی خاوەن بەرهەم، بەکارهێنانی زمانی رق و دژایەتیکردن، لاوازیی ئاستی هونەری رەخنەی کوردی". هەڵبەتە نووسەرانی دیکەش بەر لە "ئەحمەد ڕێبوار" بەشێوەی جیاواز ئاماژەیان بەم دیاردە نێگەتیڤانە کردووە، بەڵام تێبینی دەکرێت، نووسەر جیا لە نووسەرانی پێش خۆی بەزمانێکی رەخنەییانە ئاماژە بۆ کێشەیەکی گەورەی رەخنەی کوردی دەکات کاتێ دەڵێت "رەخنەی ئەدەبیمان زیاتر بەدیوی دەرەوەی بەرهەمەکاندا دەسووڕێنەوە و کەمتر توانیویەتی بچێتە ناخیانەوە..."[٦]. دواتر نووسەر گلەیی لەو جۆرە نووسینە رەخناییانە کردووە کە تەنیا خستنەڕووی دەقەکەن و رەخنەگر بیروبۆچوونی خۆی تێدا دەرنەبڕیوە، دیارە ئەمەش لە لایەک ئاماژەکردنە بۆ خاڵێکی گرینگی نێو کاری رەخنەیی، لە لایەکی دیکەشەوە ناڕاستەوخۆ هاوڕابوونی نووسەرە لەگەڵ رەخنەیەکی هەڵسەنگێنەرانە، بەو مانایەی کە ناکرێت کاری رەخنەیی هەر داڕشتنی وتارێکی وەسفی و نمایشکارانە بێت. جێگەی سەرنجە ئەحمەد ڕێبواریش وەکو نووسەرانی دیکەی بەر لەخۆی، لە سەروبەندی قسەکردنی لە کێماسییەکانی رەخنەی کوردی، چەند بۆچوون و ئامۆژگارییەکی گشتی تێکەڵ بەنووسینەکەی کردووە، وەکو دیاریکردنی رێگە چارەیەک بۆ دیاردە نێگەتیڤییەکان.

*** چەند دیاردەیەک لە رەخنەی ئەدەبی کوردیمان، رەووف بێگەرد[٧].**

رەووف بێگەرد لەم نووسینەیدا ئاماژەی بەچەند دیاردەیەکی نێو رەخنەی ئەدەبی کوردی کردووە ئەم دیاردانەشی زیاتر وەکو بەشێک لە خەوشەکانی رەخنەی کوردی خستووەتە روو.

نووسەر لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بەوە داوە کە هەندێ کاری باش کراوە لە بواری

ڕەخنەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕای وایە کە "کەمیان مەرجی ڕەخنەیان تێدا بووە و زۆربەیان دەکەونە گۆشەی سەرنج و ڕای سەرپێیییەوە[8]. دواتر خەوشەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی لە چەند دیاردەیەکدا بەرجەستە کردووە، وەک " خەوشی ڕەخنەگرانی لای ئێمە لەوەدایە کە بەتەرازووی خەڵکی ئەدەبی کوردی دەپێون.."، "ڕەخنە لای ئێمە وەک ململانێ و کێشەی دوو پارتی سەیر دەکرێت" ، "دیاردەیەکی تری خەوشی ڕەخنەی کوردی جیانەکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکانە لە یەکتر و تێکەڵاوکردنی ئەرک و مەودای تایبەتی هەریەکەیان".

جێگەی سەرنجە ئەگەرچی نووسەر ئاماژەی بەهەندێ کێشەی گرینگی نێو بزاڤی ڕەخنەیی کردووە، وەک لە بەرچاوگرتنی ئەزموونی ئەدەبیانەی دەق کە زادەی ژین و ژینگەی تاک و کۆی کۆمەڵی کوردەوارییە، هەروەها لە بەرچاونەگرتنی تایبەتمەندیەتی ژانرە ئەدەبییەکان "کە نووسەر پێی دەڵێت بابەتە ئەدەبییەکان"، بەڵام بۆچوونەکانی پتر گشتی و تیۆریین و نموونە و بەڵگەی پراکتیکییانەی بۆ نەهێناونەتەوە.



**خوێنەر و زمانی ڕەخنە، ئازاد عەبدولواحید[9]**. نووسەری ئەم وتارە دوای چەند دێڕێک لەسەر پێوەندیی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و جوانی و چەند لقێکی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەک "سۆسیۆلۆژیا" و "مێژوو"، هەروەها دوای ئاماژەکردنی بەوەی کە زمانی ڕەخنە دەبێتە "پردی نێوان خوێنەر و داهێنان"، ئینجا گلەیی لە ڕەخنەی کوردی دەکات بەوەی کە "ڕەخنەمان بەدەست کۆمەڵێ دیاردەی سەیر و سەمەرە دەناڵێنێ"، یەکێ لەو دیاردە گشتییانەی خۆی بەسیمای "ڕەخنەی کوردی"دا شۆڕکردووەتەوە، تەمومژی و ئاڵۆزی زمانی ڕەخنەیی".

لە ڕاستیدا ئەم گلەییە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە دوو لاوە جێگەی سەرنج و قسە لەسەر کردنە:

* ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چ پێش ساڵانی حەفتاکان و چ دوای ئەم مێژووەیش، زیاتر ڕەخنەی ئەوەی لێ گیراوە کە زمانێکی سادە و بازاڕی و پلارئامێز و خودییە، تەنانەت "ئازاد" لە وتارێکی دیکەیدا کە دوو ساڵ دوای ئەم وتارەی – واتا لە١٩٨٠ – بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژە بەدیاردەی سادەیی نووسین و نووسینی ستایشکارانەی نێو ڕەخنەی کوردی دەکات. ئیدی نازانین ئەم تەمومژی و ئاڵۆزییە" لە کوێی زمانێکی سادە و پلارئامێز

و ستایشکارانە جێگەی دەبێتەوە.

* "ئازاد" لە وتارەکەیدا روونی نەکردووەتەوە، سروشتی ئاڵۆزییەکە لە چیدایە؟ ئایا زاراوە رەخنەییەکان بەهەڵە بەکارهێنراون؟ یاخۆ تێکەڵکارییەک لە نێو زاراوەکاندا کراوە؟ پاشان نموونەیەک ناخاتە روو لەسەر ئەو تەمومژاوییەی کە باسی لێوە دەکات، بەڵکو زیاتر بەزمانێکی گشتییانە کێشەکەی خستووەتە روو. هەڵبەتە ئەمجۆرە "بەگشتی دواندنە" سیمایەکی هاوبەشی نێوان زۆربەی ئەو نووسینانەیە کە قسەیان لە کێشە و گرفتەکانی رەخنەی ئەدەبی کورد کردووە، کە ئێمە پێمان وایە نەهێنانەوەی بەڵگە و نموونەی دیاریکراو، لە بایەخی ئەمجۆرە نووسینانە کەم دەکاتەوە و کەمتریش خزمەتی بزاڤی رەخنەی ئەدەبی دەکات. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە " ئازاد" لەم وتارەیدا" خوێنەر و زمانی رەخنە"بابەتێکی ئێجگار گرینگی خستووەتە روو کە "زمانی رەخنە"یە، چونکە هۆکاری بەشێکی زۆری دیاردە نێگەتیڤییەکانی نێو نووسینەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی، ئامادەنەبوونی زمانێکی رەخنەییە، زمانێک جۆرە هاوسەنگییەک رەچاو بکات لە نێوان بابەتیبوون و هونەریبووندا، هەروەکو "ئازاد"یش ئاماژەی پێ داوە.

*** رەخنە و داهێنەر، ئازاد عەبدولواحید**(١٠).

نووسەر لەم وتارەیدا دوای ئاماژەکردن بەپێوەندیی نێوان نووسەر و بەرهەمێکی داهێنەرانە سەرنجی کەسی داهێنەر بۆ ئەوە رادەکێشێت، کە دەکرێت هەر خۆیشی رۆڵی رەخنەگر ببینێت و زیاد لەمەش "دەستی رەخنەگریش دەگرێ... بۆ ئەوەی زیاتر لە کارە ئیبداعیەکەی نزیک ببێتەوە"(١١). بەهانەی نووسەر بۆ ئەم سەرنج راکێشانە و بانگ کردنی نووسەری داهێنەر بۆ نێو رەخنە، ئەوەیە کە " هێشتا لە لای ئێمە رەخنە نەبووە بەو کارە خولقێنەرایەی بتوانێ لە جیهانی داهێنانەکەدا گەشتەگوڵزارە بەخوێنەرەکە بکات و پێوەرێکی رەخنەیی لەلا دروست بکات"(١٢).

ئەگەر چی "ئازاد" لەوەدا پێکاویەتی کە رەخنەی کوردی لەو قۆناغەدا نەبووەتە کارێکی خوڵقێنەرانەی کە رەهەندە دیار و نادیارەکانی دەق بەخوێنەر بگەیەنێت، بەڵام دەربڕینەکەی "ئازاد" لە لایەک پتر زمانێکی شاعیرانەیە کە دەڵێت "گەشتە گوڵزارە" و لە لایەکی دیکەشەوە کەمێک ناڕوونی پێوە دیارە. ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشووتریتی کە داوای رایکردنی زمانێکی کردووە کە دوورەپەرێزی ئاڵۆزیی بێت(*).

*** ئەوانەی لە ڕەخنە دەترسن، ئازاد عەبدولواحید(١٣).**

نووسەر لەم وتارەیدا هەر لە سەرەتاوە قسە لەسەر نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی دەکات کە دیاردەیەکی نالەبار" تێیدا خەریکی تەشەنەکردنە، ئەویش دیاردەی "نووسینی دەستیاوییە، کە جۆرە مەراییکردن و موجامەلە کردنێکە لەسەر گیرفانی "ڕاستی " و "داهێنان" و "مەوزوعییەت " دەژیت.(١٤).

نووسەر مەبەستیشی لەم دیاردەیە ئەو جۆرە نووسینە بەناو ڕەخنانە کە بەزمانێکی سادە و ساکار قسە لەسەر مانای بەرهەمی ئەدەبی دەکەن و پتر "ئینشایەکی" ستایشکارانە دەنووسن و خۆیان لە بەها و بنەما هونەرییەکانی بەرهەمەکە دوورەپەرێز دەگرن. لێرەشدا نووسەر چەند بۆچوونێکی تیۆریی، لە زمانێکی گشتگیرانەدا خستووەتە ڕوو بێ ئەوەی بەوردی پەنجە بخاتە سەر حاڵەتێکی دیاریکراوی نێو ڕەخنەی کوردی.

پەراوێزەکان

١- کۆواری ڕۆشنبیری نوێ ژ. (٣٧) ١٩٧٩ ل ٧٠

٢- کۆواری ڕۆشنبیری نوێ ژ. (٣٧) ١٩٧٩ ل ٦٩

٣- کۆواری بەیان ژمارە (٥٤) ١٩٧٩

٤- کۆواری بەیان ژ. (٦٥) ١٩٨٠ بۆ پێداچوونەوەی ئەم نووسینە سوودمان لەم کتێبە وەرگرتووە: ئەحمەد ڕێبوار، بژار، چ ١، چاپخانەی حوادث ، بەغدا , ١٩٨٥

٥- ئەحمەد ڕێبوار، بژار، ,٦٧

٦- ئەحمەد ڕێبوار، بژار، ل ١٣

٧- کۆواری "نووسەری کورد" ژ (١١) ١٩٨٣، ل ١٠٦-١١٤

٨- کۆواری "نووسەری کورد" ژ (١١) ١٩٨٣، ل ١٠٨

٩- ڕۆژنامەی "هاوکاری"ژ (٤٣٤) ,١٩٧٨ بۆ سەرجەم وتارەکانی "ئازاد عەبدولواحید" لەم لێکۆڵینەوەیەماندا سوودمان لە کتێبی "پشکۆ و خۆڵەمێش" وەرگرتووە. بڕوانە! ئازاد عەبدولواحید، پشکۆ و خۆڵەمێش "کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەیی"، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ,١٩٩٧

١٠- ڕۆژنامەی "هاوکاری"ژ (٤٢٦) ١٩٧٨، یان پشکۆ و خۆڵەمێش، ل٢١٣

١١- پشکۆ و خۆڵەمێش، ل ٢١٤

١٢- پشکۆ و خۆڵەمێش، ل ٢١٤

* پێم وایە ڕستەی "گەشتە گوڵزارە بەخوێنەر بکات" جۆرە ناڕوونییەکی تێدایە.

١٣- پشکۆ و خۆڵەمێش، ل ٢٢١

١٤- پشکۆ و خۆڵەمێش، ل ٢٢١